کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

27-11-2007 2:27بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**لە چاودێرێکی چاکەوە بۆ چاودێرەکەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

لەم چەند ڕۆژەدا ئەمە دووەمجارە، کوردستانی نوێ لەسەرسکالای ناوەندی چاك لە بەڕێز تاڵەبانی لەبەرامبەر هەڵوێستی لە هەمبەر جێبەجێنەکردنی سزای سەپاو بەسەر تاوانکارانی ئەنفال دێتە قسە و بابەت دەنووسێت. وەلامەکان تێکەڵوپێکەڵن، نکۆلیکردن و سەرلێشێواندنی تێدایە. ئەوەش ناچاوەڕوانکراو نەبووە و ئاماژە بە پشووتەنگی ئەوان بەرامبەر بە مافی یاسایی و سڤیلی هاوڵاتیان و کوردستانیان دەکات.

هەموو کەسێکی هوشیار دەزانێت لە عێراق و کوردستاندا یاسا لە ئاست دەسەلاتداراندا سەروەر نییە، ئیتر ئەم ترسەی ینک لە چییە؟ شیوەنەکەی بۆ ئەم سکالایەیە، یان بۆ ئەوانەیە لە داهاتوودا دەکرێن کە چاك دەرگاکەی خستە سەر گازی پشت؟

ئەوەی ینك و هەموو دەسەڵاتداران لێی دەترسن تێکشکانی دیواری ترسە لە لایەن جەماوەرەوە، چاك یەکەم چەکوشی خۆی لەو دیوارە بەسامە دا لە ڕوی یاساییەوە، ئەمە یەکەم سکالایە لە لایەن ناوەندێکی کوردییەوە لە عێراق و کوردستان بەرەو ڕووی دەسەلاتداری پلە یەکی ئەم وڵاتە دەکرێتەوە، واتا چاندنی ڕۆشنبیری سکالاکردن و داوای مافکردنە لە لایەن هاووڵاتیانەوە. چاك ڕێکخراوێکە بەردەوام بە دواداچوونی خۆی دەکات لەسەری و دەیەگەیەنێتە ڕاگەیاندنەکان، بەمەش بابەتەکە دەبێتە کەیسێکی زیندووی گشتی و لەگەڵ بەردەوامیدا دیواری ترس دەشکێنێت، ڕێگە بۆ بەدامەزراوکردنی دیاردەیەکی یاسایی ڕەوا لە هزری خەڵکیدا خۆش دەکات، بەم هەنگاوەش تەواوی سستەمی داد لە کوردستان و عێراق دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. ئەنجامی ئەو ساکالایە، بوونی دامەزراوە نادیموکراسی و پشووتەنگ و لوتبەرزەکانە، کە گەل بە هەند هەڵناگرن و لە پشتی شانۆکان ڕێکەوتن دەکەن، بریار بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن و یاسا پێشێل دەکەن. تا ئێستا بۆ بە خەڵک نەگوترا ئەم سزایە بۆ دواکەوت و ڕۆڵی دەسەڵاتداران لەمەدا چییە؟ کێشە یاساییەکان کامانەن و بۆ ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتداران و دادگا و کەسانی ناو دادگا هەیە؟

ئەگەر ئەوان بڕوایان بە پرەنسیپە دیموکراسیەکان هەیە، دەبوایا ك.ن. وەك کەناڵێکی ڕاگەیاندن و زمانحاڵی پارتێکی بەناو سۆسیال دیموکرات، بەڕێز مام جەلالیش وەك یاساییەك دوور لە هەڵچوون و نکۆڵیکردن، یاساییانە بێبەریبوونی خۆیان لە تۆمەتەکان ڕوونکردایەتەوە. دەستخۆشیان لە ناوەندی چاك بکردبایا بۆ ئەم هەنگاوە، کە بەشێوەیەکی زۆر مۆدێرنانە لە بەرامبەر وەرگرتنەوەی مافەکانیاندا، هانایان بۆ یاساو دادپەروەری بردووە.

مافی هەر رێکخراوێکە مافەکانی خۆی پیادە بکات و کەلکی لێوەربگرێت، چونکە هەر ڕێکخراوێك بۆ گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو پێك دێت، کەسیش موزایەدەی کوردایەتی بەسەر سەرۆك کۆمارەوە نە کردووە، نە بەڕێزیشی و نە کەسی دیکەش ناتوانن ئەو مزایەدەیەمان بەسەردا بکەن چەندە لە پلەی بالادا بن، بەهەموو ڕێزێکمانەوە بۆ لایەنە پۆزەتیفەکانی مێژووی تێکۆشانی هەرکەسێک، بەلام کە ئەو کەسە زیانی بە بەرژەوەندی قوربانیان گەیاند، ئەوە مافی هەر ڕێکخراوێکی داکۆکیکاری قوربانیانە بەر بەو زیانە بگرێت.

چاك لە کاتێکدا زۆر باش ئاگاداری نەبوونی سەروەری یاسایە لە ئێراقدا، وەکو ڕێکخراوێکی سڤیلی فەرمی کوردی داکۆکیکاری قوربانیان، بەمکارەی بە ئەرك و مافی خۆی هەڵساوە، زیاتری نەکردووە. بۆیە ئەو هەنگاوە یاساییە هەڵگرتنی بەردی گەورە نییە، وەکو هەندێک دەیلێن. کاتێك کەسانێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سیاسی دەبنە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی یاسا، چاك هانای بۆ دادگا بردووە. ئەرکی حکوومەتی کوردستان بوو لەسەر ئەرکی خۆی پارێزەرمان بۆ دابینبکات، مسۆگەری پرۆسەیەکی ڕەوای یاسایی لەمبارەیەوە بکات.

کوردستانی نوێ لەهەموو کەس زیاتر و باشتر دەزانێت ناوەندی چاك کێیە، ئەگەر دەشیانەوێت ئەو گروپەی بەناوی چاك کاردەکەن بکەن بە ئەلتەرناتیفە مەعقولەکەیان ئەوە بەلامانەوە گرنگ نییەو پیرۆزیان بێت. ئەوان زۆر ئەزموونیان لە دروستکردنی حیزبۆکە و کۆپی کردنی ڕێکخراوەکان هەیە، بەڵام هیواداریین لەوە دڵنیابن، ناوەندی چاك گوێ بەم هەنگاوانە نادات و بەپێی توانا لەسەر کار و ئەرکەکانی خۆی بەردەوام دەبێت، وەکو تائێستا کردوومانە و هێناومانە. ئەگەر کەمێك خۆیان ماندوو بکەن ئەوا دەزانن ئێمە لە حکوومەتی یەکگرتوی هەرێمی کوردستان ناوەندێکی فەرمین. هەوڵدان بۆ گومان خستنەسەر بوونمان و مۆڵەتی فەرمی بوونمان هەوڵێکە ئاماژە بە هەوڵی نەهێشتنی ڕێکخراوێکی بوێری سڤیل دەکات.

ئێمە پێمانخۆشە لە وڵاتێکدا ژیان بەسەربەرین سەرۆك کۆمارەکەمان باوەڕی بە بڕیاری هەلواسین نەبێت، هەلواسین نابەجێترین جۆری سزادانی مرۆڤە. ڕووی پرسیاری ڕاکشاومان دەکەیەن ئێوە و دەپرسین: چەند هەزار ڕۆڵەی کورد لەسەر بڕیارەکانی بەڕێز مام جەلالدا کرانە سووتەمەنی بەرژەوەندی حزبایەتی، ئەو بۆ ئەوسا ئەو هەڵوێستەی نەبوو؟ بۆ بەڕێز مام جەلال لە کوشتنی گەریلاکانی باکور ئەو دیاردەیە قەدەغە ناکات؟ ساڵانە سەدان سزای کوشتن لەسەردەمی دەسەڵاتداریی بەڕێز مام جەلال دا لە عێراقدا ئەنجامدەدرێن، بۆ ئەو و ئێوە بێدەنگن؟ چۆن بەڕێزی دەبێتە سەرۆکی وڵاتێك کە لە ئەنجامدانی هەڵواسیندا لە لیستی ڕەشدایە؟ ئەدی بڕیاری ژمارە 10 کە لە بەرواری 9-10-2005 دا دەرچووەو تایبەتە بە دادگای باڵای تاوانەکان، کە پەسندی سزای هەڵواسین دەکات، بەرێزی وەك سەرۆك کۆمار و بەڕێزان عادل عەبدوالمەهدی و غازی عەجیل یاوەر وەك هەردوو جێگرەکەی واژۆیان لەسەر نەکردووە؟ سەیرە ویژدانی مرۆڤ دۆستی بەرێز مام جەلال تەنها جار جارە لەسەر هەڵواسینی تاوانبارانی ژینۆسایدی ئەنفال دەجولێت.

| لەسێدارەدان و شێواندنی ڕاستی.. ! |
| --- |
| لەبەرامبەر بڕوانەبوونی سەرۆك کۆماردا بەسزای لەسیَدارەدان کە مافیَکی فکریی/ فەردیی خۆیەتی، ماوەیەکە، بەهەر مەرامیَکی سیاسی و هەر ویستیَکی تر بیَت، ریَکخراویَك بەناوی ریَکخراوی چاك هەرایەکی میدیایی نارەوایان ناوەتەوەو خۆیان لەو هەلَویَستەی سەرۆك تالَەبانی سەغلَەتکردووە، کۆی هۆکار و نهیَنییەکانی!! جیَبەجیَنەکردنی سزای لەسیَدارەدانی نەك تەنها سولَتان هاشم، بگرە تەواوی تاوانبانی تری ئەنفالیشیان خستۆتە سەر شانی سەرۆك کۆمار و وایان بڕیار داوە خۆپیشاندان و نارەزایی دەرببڕن وەك لەزمانی بەرپرسی راگەیاندنی ئەوروپای ئەم ریَکخراوەوە بلاوبۆتەوە. لەئاست ئەم دەرکەوتەشدا پیَویستە چەند سەرنجیَك تۆمار بکریَت: |

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکەم: مافی هەر ریَکخراو و کۆمەڵەیەکە کە بۆچوونی جیاواز لەسەر ڕووداوەکانی عیراق بخاتەڕوو و هەڵویَستی تایبەتیی هەبی و داکۆکیی لیَ بکا، بۆ ئەو مەبەستەش ئاساییە بەهەر سروتیَکی دیموکراتیانە پەیامی خۆی بگەیەنی و کەسیش ڕیَی لیَنەگرتووە، بەڵام بیَگومان هەڵەیە کەس مافی ئەوە بەخۆی بدا لەسەر حسابی خەڵکی دی موزایەدەی کوردپەروەریَتی و دادخوازی و پەرۆشی بۆ دۆسییەی ئەنفال بەسەر کەسی ترەوە بکا، چونکە پرسە نەتەوەییەکان پرسی تەواوی هیَز و ریَکخراوە سیاسیی و دیموکراتەکان و کۆمەڵگان بەگشتی نەك تەنها پرسی ریَکخراویَك کە بەبی زانیاری ورد و بیَ هوشیارییەکی سیاسیی پیَویست مامەڵە دەکەن.

دووەم: ئەم ریَکخراوە، لەئیَستادا، بەزۆر پیَوەر، شەرعییەتی نییە، چونکە بەشیَکی زۆری ئەندامەکانی لیَی جیابوونەتەوە و ئینشیقاقیان تیَکەوتووە، ئەمیان ئەویتریان ڕەتدەکاتەوە و هەریەکەیان خۆیان بەهەمان ناوەوە دەناسیَنن و دان بەیەکتریدا نانیَن. بەرپرسی نووسینگەی سلیَمانی ریَکخراوەکەش بەئاشکرا ئەمەی سەلماندووە و پیَشیوایە ئەو بەرەیەی چاك کەباس لەتۆمارکردنی سکاڵای یاسایی دەکا لەسەر سەرۆك کۆمار، ئەم کارەی تەنها بۆ هەڵایەکی ڕاگەیاندنەو ئەوان نەك هەر لەگەڵیدانین بگرە خوازیاری هەڵگرتنی سزای لەسیَدارەدانیشن لەعیراقدا، ئەمە جگە لەوەی بەپرسی ناوەندی هەڵەبجەی هەمان ریَکخراو ئەوە بەدرۆ دەخاتەوە داوای یاساییان دەرهەق بەسەرۆك کۆمار تومار کردبی و، پیَی وایە ئەمە لەتوانای ریَکخراوەکەیاندا نییە.

سیَیەم: بەرەیەکی ئەم ریَکخراوە دەیەوی واپیشان بدات هەڵویَستی تاڵەبانی لەبەرامبەر سوڵتان هاشم هیچ جیاواز نییە لەهەڵویَستی بەرامبەر بە عەلی حەسەن مەجید و تاوانبارانی تری ئەنفال، ئەمەش بیَگومان ویَناکردنیَکی ساختەکارانەیە، شیَواندنی هەقیقەتە، تەنها بۆ چەواشەکردنی خەڵکیشە، بەداخەوە کە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) ش بەبڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە ئەوە دەسەلمیَنی کە بڕوای بەو شیَواندن و ساختەکارییە هەیە، چونکە سەرۆك جگە لەهەڵویَستی مەبدەئی خۆی لە پرسی لەسیَدارەدان، هیچ هەڵویَستیَکی تری نەنواندووە لەئاست تاوانبارانی تری ئەنفال.. لەئاست سوڵتان هاشمیشدا، جگە لە سەرەتا فکرییەکانی، هۆکاری سیاسیی زۆر هەستیار هەیە بۆ ئەوەی لاری هەبی لەسزادانی ئەم تاوانبارە بەئیعدام، یەکەمیان: بەبۆنەی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عیراقیدا هەیبووە، دووەمیان: لەبەر هەندی حساباتی ئەمریکی کە حیکایەتیَکی دورودریَژە. سیَیەم: لەبەر ئەوەی لەسیَدارەدانی دەبیَتە هۆی تەقاندنەوەی سەرلەنویَی ناکۆکیی تایەفی و تیَکدانی ئاسایشی نیشتمانی کە سەرۆك -بەپیَی دەستووری عیراق- پابەندکراوە ریَی لیَ بگریَت نەك وەك سەرۆکی گروپیَکی سیاسی یان نویَنەری نەتەوەیەکی دیاریکراو مامەڵە بکات وەك خەڵکانیَکی ناو ئەم ریَکخراوە و هەندی قەڵەمبەدەست چاوەڕوانی دەکەن، ئەم پابەنکردنەش بەندیَکی تەقلیدی هەموو دەستووریَکی دیموکراتی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تەنانەت نادیموکراتیی دنیایە و لەدەرەوەی ئیرادەی تاکەکانە. ماوەتەوە ئەوەش بڵێین سەرۆك كۆمار ماوەیەك لەمەوبەر سەرنجی خۆی لەم بارەیەوە روونكردۆتەوە، ئەمە بێ لەوەی جێبەجێكردنی بڕیاری دادگا بەسەر سەدام و سەرانی تری رژێمی پێشوودا بێ گەڕانەوە بۆ سەرۆك جێبەجێكرا. بەكورتی، سەرۆك كۆمار هەرگیز نەیوتووە كە ئەو رێگیری لەجێبەجێكردنی بڕیارەكە دەكا، بەڵكو تەنها بەباشی نازانێت سوڵتان هاشم لەسێدارە بدرێت بەتایبەت لەم هەلومەرجەی عیراقدا، هۆكارەكانیش ئەوانەن كە پێشتر دیاریمان كردوون.

چاودێرێك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.